# ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە گۆڕانکاری دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا توێژینەوەیەکی رووپێوییە-بۆ قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان

ID No. 226

(PP 226 - 244)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.3.14

سەرتیپ وەیسی کەریم محمد خضر مولود

بەشی راگەیاندن - کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

sartep.kareem@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/03/10**

**پەسندکردن : 2022/04/04**

**بڵاوکردنەوە : 2022/06/28**

**پوختە**

رۆڵی فۆڕم، یاخود ئامرازەکانی میدیای نوێ لەسەر تەواوی سێکتەر و بەشەکانی ژیان و سەرجەم پرس و بابەتەکانی نێو کۆمەڵگا، بە تایبەت پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی رەنگیداوەتەوە. بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی هەوڵیداوە ئەوە روونبکاتەوە، کە تا چەند ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەریان هەبووە لەسەر گۆڕانکاری دیموکراسی و پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا، کە ئەمەش ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەیە. جگە لەوەش توێژەر دەیەوێ رێژەی بەکارهێنانی فۆڕمە نوێیەکانی میدیای نوێ لە نێو قوتابیان سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەندی بە دیموکراسیەوە هەیە بزانێت.

گرینگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە شرۆڤەی پەیوەندی نێوان میدیای نوێ لە دروستکردنی گۆڕانکارییە هێواش و خێراکانی پرۆسەی دیموکراسی دەکات، چونکە هێشتا بەرچاو روونییەکی تەواو نییە لەوەی، کە ئایا ئامرازەکانی میدیای نوێ بە چ ئاڕاستەیەك بوونەتە هاندەر و هۆکار و چۆن رۆڵیان هەبووە لە پرۆسەی دیموکراسی.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ زانینی رۆڵی ئامراز، یاخود فۆڕمەکانی میدیای نوێ لە گۆڕانکاری دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، لەڕێی هەڵبژاردنی سامپڵێك لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین و جیهان بە وەرگرتنی ( 371) قوتابی لە رەگەزی نێر و مێ بەشێوەی سامپڵی هەرەمەکی رێکخراو و لە رێگەی فۆڕمی راپرسیەوە پێوانەی راکانیان کراوە. جۆری توێژینەوەکە وەسفییە و رێبازی رووپێوی بەکارهاتووە.

لە گرینگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژەرپێیگەیشتووە ئەوەیە گشت فۆڕمەکانی میدیای نوێ کاریگەریان لەسەر گۆڕانکاری دیموکراسی هەبووە بە ئاڕاستەی ئەرێنی و نەرێنی، جیاواز لەوەی کە لە میدیای تەقلیدی و کلاسیکی هەیە. توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەدا چەند پێشنیاز و راسپاردەیەکیش دەخاتەڕوو.

**کلیلە وشە:** رۆڵ، ئامرازەکانی میدیای نوێ، گۆڕانکاری دیموکراسی.

## پێشەکی :

راپەڕینی 1991 لە باشووری کوردستان و سازکردنی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی پێشووی عێراق، لەگەڵ خۆیدا هەڵومەرجێکی گەورەی وەك چۆن لە بواری سیاسی و کارگێڕیدا دروست کرد، بەهەمان شێوە لە بواری کارکردنی میدیایدا گۆڕانکارییەکی گەورەی لەو بەشەی کوردستاندا هێناکایەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە میدیاوە هەبێت، لە سەرەتای قۆناغە تازەکەوە، جۆرێك لە میدیای سیاسی- حزبی دەرکەوت، کە لە رووی شێوازی بڵاوکردنەوە و ناوەڕۆکەوە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئەزموونی پێشووتری میدیادا هەیە لەو بەشەی کوردستاندا.

لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی قۆناغی دوای راپەڕینیش، هاوشانی گۆڕانکاری و پێشەوەچوون لە بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەدا، گۆڕانکاری لە دۆخی میدیایی لە کوردستاندا دروستبوو. بە سێ ساڵ بەر لە پرۆسەی ئازادی عێراق واتە لە ساڵی 2000 دا، یەکەمین رۆژنامەی ئەهلی یان ئازاد (واتە رۆژنامەی هاوڵاتی) لەهەرێمی کوردستان دەرکرا، بەڵام لە قۆناغی دوای 2003 ەوە، بارودۆخەکە بەشێوەیەکی کتوپڕ و خێرا گۆڕانکاری زۆری بە خۆیەوە دی، دەیان کەناڵی میدیایی لە شێوەی نووسراو، بیستراو و بینراو و میدیای ئەلیکترۆنی دەرکەوتن، کە بەشێکیان لەلایەن دەسەڵات و بەشێکیان لەلایەن حزبە سیاسییەکان و بەشێکی زۆریش دەچنە خانەی میدیای ئازاد و ئەهلی یان نیمچە ئازاد و سێبەر و ئەهلییەوە.

لەگەڵ گەشەسەندنە خێراکانی تەکنەلۆژیای جیهانی میدیای نوێ بە هەموو سەکۆیەکانی ( تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ) بەشێوەیەك لە هەرێمی کوردستانیش گەشەیەکی خێرای بەخۆیەوە بینی بە تایبەت لە دوای ساڵی 2010، ئەمەش بووە پاڵشتێك بۆ میدیای تەقلیدی و جەماوەری، یاخود زۆرجاریش هاوشێوەی جیهان میدیای نوێ بووە لەقکردنی میدیای کلاسیکی و تەقلیدی.

لێرەوە قسەکردن لەسەر پەیوەندییەکانی میدیا بەگشتی بە پرۆسەی سیاسی و بەدیاریکراوی رۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە دیموکراتیزەکردنی و گۆڕانکاری دیموکراسی کۆمەڵگادا، بابەتێکی جێگە بایەخ و گرنگی تایبەتی هەیە. بەتایبەت کە بۆچوونی باو ئەوەیە، دیموکراسیەت لەدەرەوەی میدیا بەگشتی، بە دیموکراسیەتێکی ناکامڵ و کرچ و کاڵ لەقەڵەم دەدرێت، زیاتر لەوەش لە جیهانی ئەمڕۆدا میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە ( کلاسیك و نوێ) رۆڵێکی گەورە و بەرفراوان دەگێڕێت لە کرانەوەی سیاسی و دروستکردنی رای گشتی و پاشان راستەڕێکردنی پرۆسەی دیموکراسیەت لە وڵاتدا.

ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەبێت، ئەزموونی راپەڕین و قۆناغەکانی دوای راپەڕین و تا بە ئەمڕۆ، بە ئاراستەی پیادەکردنی سیستەمێکی دیموکراسییە، کە بنچینە دیموکراسییەکانی وەکو هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی پەرلەمان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەشداریکردنی خەڵك (هاوڵاتیان) لە بڕیاردان و پرۆسەی سیاسیدا لەخۆدەگرێت.

کەواتە گرفتی توێژینەوەکەی ئێمە، لە بنەڕەتدا قسەکردن و بەدواداچوونە لەسەر پەیوەندییەکانی ئامرازەکانی میدیا و پرۆسەی سیاسی، بە دیاریکراویش رۆڵی میدیای نوێ لە گۆڕانکاری و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستانیدا.

توێژینەوەکە دابەش کراوە بەسەر سێ بەشی سەرەکییدا، بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە و دەستنیشانکردنی بنەمای سەرەکی و هێڵە گشتییەکانی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمک و بەرچاوخستنی توێژینەوەکانی پێشوو. بەشی دووەم تایبەت کراوە بە باسکردن لە لایەنە تیرۆرییەکەی توێژینەوە و هەریەک لە چەمکەکانی میدیای نوێ و دیموکراسی و پەیوەندی نێوانیان خراونەتەڕوو. بەشی سێیەمی توێژینەوەکەش تەرخانکراوە بۆ لایەنی پراکتیکی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی نموونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراوەتەڕوو و کۆی ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێبەستراوە ریزبەند کراون.

## 1- چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

### 1-1: کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە واتە بابەت و کێشە و بوارو بیرۆکەکانی توێژینەوە زانستییەکە، بوونی کێشەیەك کە پێویستی بە چارەسەر هەیە (مضامین 2007، 52).

لێرەوە قسەکردن لەسەر پەیوەندییەکانی میدیا بەگشتی بە پرۆسەی سیاسی و بەدیاریکراوی رۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە دیموکراتیزەکردن و گۆڕانکاری دیموکراسی کۆمەڵگادا، بابەتێکی جێگە بایەخ و گرنگی تایبەتی هەیە. بەتایبەت کە بۆچوونی باو ئەوەیە، دیموکراسیەت لەدەرەوەی میدیا بەگشتی، بە دیموکراسیەتێکی ناکامڵ و کرچ و کاڵ لەقەڵەم دەدرێت، زیاتر لەوەش لە جیهانی ئەمڕۆدا ئامرازەکانی میدیا رۆڵێکی گەورە و بەرفراوان دەگێڕێت لە کرانەوەی سیاسی و دروستکردنی رای گشتی و پاشان راستەڕێکردنی پرۆسەی دیموکراسیەت لە وڵاتدا.

کەواتە کێشەی توێژینەوە ئێمە، لە بنەڕەتدا قسەکردن و بەدواداچوونە لەسەر پەیوەندییەکانی میدیا بە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی ، بە دیاریکراویش رۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێیە لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستانیدا.

### 2-1: ئامانجی توێژینەوە:

بەگشتی دەتوانین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە :

1-دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان میدیای نوێ - بەشێوەیەکی گشتی- لەگەڵ پرۆسەی سیاسی و بەدیاریکراوی پرسی دیموکراسی و ئەو گۆڕانکاریانەی بەهۆیەوە روودەدات هەیە.

2- شیکردنەوە و دەرخستنی رۆڵی میدیای کوردی بەتایبەت میدیای نوێ لە بە دیموکراتیزەکردن و گەشەپێدان و گۆڕانکاری لە پرۆسەی دیموکراسی لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

3- دیاریکردنی هەڵومەرج و سروشتی پەیوەندییەکان و کاریگەری نێوان میدیای نوێ و دەسەڵاتی سیاسی لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا.

4- زانینی ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم لە گۆڕانکاری دیموکراسی لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ.

**3-1: گرنگی توێژینەوە:**

لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا، سەدان کەناڵی ڕاگەیاندنی حزبی و ڕەسمی و ئەهلی یان ئازاد لە جۆرەکانی میدیای تەقلیدی ( بیستراو و بینراو و نووسراو ) و ئامرازی میدیای نوێ بوونیان هەیە. لەگەڵ ئەو سەرهەڵدانە گەورە و پێشکەوتنەی لە میدیای نوێ هاتۆتە ئاراوە ئەو ژمارە گەورەیەی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، هاوشانە لەگەڵ گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوەچوون لە سیستەمی سیاسی وڵاتەکەدا.

لەوەها قۆناغ و دۆخێکدا، قسەکردن لەسەر پەیوەندییەکانی میدیا و دیموکراسیەت یان ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە دیموکراتیزەکردن و گۆڕانکاری و گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. بەرادەیەك کە پێویست دەکات توێژینەوەی هەمەلایەن دەربارەی بکرێت و ڕەهەندەکانی پرسەکە شیبکرێنەوە. بەجۆرێك کە بتوانرێت ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی کارکردنی ئامرازەکان میدیای نوێوە هەیە، بخرێتە سەر ڕێڕەوە پرۆفیشناڵەکەی خۆی، تا بەو شوێنە دەگات کە میدیا و میدیا نوێ دەبێت بە بەشێك لە پرۆسەی دیموکراسی و زیاتر لەوەش دەبێت بە ئامرازێکی کاریگەر لە گۆڕانکاری و گەشەپێدانی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستاندا.

لەم ڕوانەگەیەوە دەتوانین گرینگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە :

1. بە ئامرازی تێبینیکردن دەرکەوتووە نهێنی سەرکەوتنی زۆربەی شۆڕشەکانی ناوچەکەو ئەو گۆڕانکاریانەی لە سیستەمی سیاسی و دیموکراسی هاتۆتە دی یەکێك لە هۆکارە یارمەتیدەرەکان بریتیبووە لە ئامرازەکانی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

2.کاری سیاسی و پەرلەمانی بەراورد بە رابردوو، لە ئێستادا زیاتر پێویستی بە بەکارهێنانی ئامراز و فۆڕمەکانی میدیای نوێییە، ئەمەش لە پێناو کەمکردنەوەی قەبارەو ژمارەی توانای مرۆیی و کارمەند.

3. یەکێك لە بنەما گرینگەکانی دیموکراسی کە بریتییە لە هەڵبژاردن لە زۆربەی قۆناغەکانیدا پێویستی بە ئامراز، یاخود فۆڕمەکانی میدیای نوێیە.

4. زۆربەی جولانەوە سیاسییە نوێیەکانی نەوەی نوێ لە جیهان و ناوچەکە و ناوخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

**4-1: پرسیارەکانی توێژینەوە :**

پرسیارەکانی توێژینەوە لایەنێکی گرینگە لە لایەنەکانی توێژینەوەی زانستی لەسەرجەم توێژینەوە زانستییەکاندا، واتا پرسیارێکی سەرەکی هەیە پێیوستی بە وەڵام و ڕوونکردنەوە هەیە، بە گشتیی پرسیارەکانی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە :

1- ئایە تا چ ڕادەیەك قوتابیان ( نموونەی توێژینەوەکە ) ئاشنایەتیان هەیە بە بەکارهێنانی ئامراز و فۆڕمەکانی میدیای نوێ لە بواری دیموکراسی؟

2-ئایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هاوشێوەی میدیای کلاسیکی (تەقلیدی) لەبارن بۆ مومارەسەکردنی پرۆسەی دیموکراسی ؟

3-ئایە قوتابیان بەهۆی ئامرازەکانی میدیای نوێ بەشداری سیاسی و هەڵبژاردنیان زیادیکردووە، یان کەمیکردووە ؟

4-قوتابیان زیاتر چ ئامرازێکی میدیای نوێ بەکاردەهێنن لە مومارەسەکردنی دیموکراسی و بەشداری سیاسی ؟

5- ئەو هۆکارانە چین کە وا دەکات میدیای نوێ ڕۆڵێکی زیاتر بگێڕێت لە پرۆسەی دیموکراسی ؟

6- ئایە پەیوەندی نێوان بژاردەی سیاسی و میدیای نوێ پەیوەندییەکی ئەرێنی و تەندروستی هەیە ؟

7- ئایە سەیرکردن و پشتبەستنی قوتابیان بۆمیدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان لە بواری دیموکراسی و بەشداری سیاسی لە چ ئاستێکدایە؟

8-هۆکاری بایەخدانی نموونەی توێژینەوەکە چییە بۆ بابەت و هەواڵ و بەرنامەی تایبەت بە دیموکراسی و بەشداری سیاسی؟

9- ئامرازەکانی میدیا نوێ لە هەرێمی کوردستان تا چەند بوونەتە جێگەی متمانەی نموونەی توێژینەوەکە ؟

**5-1: کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە :**

مەبەست لە کۆمەڵگای توێژینەوە هەموو تاکە مەبەستدارەکانن لە توێژینەوەکە، لە توێژینەوە مرۆییەکاندا بە تایبەت لە توێژینەوە راگەیاندنیەکاندا ناگەین بە کۆمەڵگای توێژینەوە چ توێژینەوەکە بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای جێبەجێنەکرێت (الحیزان 2004، 71). لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم قوتابیانی زانکۆکانی هەولێر.

سامپڵی توێژینەوە بەوە پێناسە دەکرێت کە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدەدرێت بە رێگەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت بە جۆرێك کە هیچ جیاکارییەك ئەبێت لە دیاریکردن، دەکرێت ببێتە وێنەیەکی راست و دروست بۆ کۆمەڵگا بە گشتیی (الختیب 2009، 70)

سامپڵی ئەو توێژینەوە بریتییە لە قوتابیانی کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی جیهان. لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی زانست بە سامپڵی ( 154) قوتابی لە هەردوو رەگەزی ( نێر) و ( مێ ) وەرگیراون، لە کۆلێژی ئاداب بە سامپڵی ( 183 ) قوتابی لە هەردوو رەگەزی ( نێر) و ( مێ ) وەرگیراون بەشێوەی سامپڵی هەڕەمەکی رێکخراو. لە زانکۆی جیهانیش لە کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە گشتییەکان بە سامپڵی ( 85 ) قوتابی لە هەردوو رەگەزی ( نێر) و ( مێ) بەشێوەی سامپڵی هەڕەمەکی رێکخراو وەرگیراون. لە کۆی گشتی فۆڕمەکان تەنها (376) فۆڕم گەڕاوەتەوە، لەو رێژەیەش (371) فۆڕم شیاوی شیکردنەوە بوون کە ئەوانیش ( 202) فۆڕم لە رەگەزی کچ بوون ( 169) لە رەگەزی کوڕن.

**1- 6 جۆر و رێبازی توێژینەوە :**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی، پێویستە بە بەکارهێنانی میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی دیاریکراو هەیە، بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەو میتۆدە یان رێبازی توێژینەوەیەوە، گریمانەکان بسەلمێنرێن یان رەت بکرێنەوە.

سروشتی ئەم توێژینەوەیە ( رۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە گۆڕانکاری دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا) دەخوازێت کە توێژینەوەیەکی وەسفی بە میتۆدی رووپێوی بێت، کە یەکێکە لە دیارترین میتۆدەکاتی توێژینەوە زانستییەکان کە گرینگی دەدات بە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان سەبارەت بە گۆڕاوەکان لە ژمارەیەکی زۆری تاکەکان.

**1-7. کەرەستەکانی توێژینەوە :**

بۆ دەستخستن و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەم توێژینەوەیەدا سوود لەم کەرەستانە وەرگیراوە: فۆرمی راپرسی، چاوپێکەوتن، سەرنجدان و تێبینیکردن، بەرنامەی ئاماری SPSS.

**2- فۆڕمەکانی میدیای نوێ و دیموکراسی**

**یەکەم : فۆڕمەکانی میدیای نوێ و تەقلیدی و بەکارهێنانیان**

**1.راگەیاندن:**

وەك زاراوە: بریتییە لە بڵاوکرنەوەی راستییەکان، رووداوەکان، هەواڵ، بیرۆکە، راوبۆچوون، لە نێوان جەماوەردا لەرێگەی دەزگای راگەیاندنی جۆراوجۆر وەك رۆژنامە، کەناڵ، سینەما، کۆڕ، کۆنگرە، پێشانگا، چەندینی تر. بەمەبەستی یان بە نیازی هۆشیارکردنەو و بەدەستهێنانی پشتگیری (منظور 2005، 264).

هەروەها بریتییە لە بڵاوکردنەوەی لۆژیکی بیروبۆچوون لە داڕشتنێکی گونجاو لە رێگای دەنگ و وێنە، بەشێوەیەکی گشتی لە رێگای گشت هێماکان و ئاماژەکان کە جەماوەر لێی تێدەگات (بدوی 1994، 84).

**2.چەمکی دەزگای راگەیاندن و میدیای تەقلیدی (Mass media)**

بەگوێرەی پانتایی سیاسی دەزگای راگەیاندن و گەیاندن بریتییە لە گۆشەگیرکردنی زاراوەکانی کە لە ناو فەرهەنگی سیاسی و ئینگیزی و ئەمەریکیدایە هەیە، بە پێی مانا رەسەنەکەی گشت دەزگاکانی رۆشنبیری لە خۆدەگرێت وەك رۆژنامە، سینەما، رادیۆ، تیڤی، کتێب، رێکلامەکان، کە ئاڕاستەی کەرتەکان دەکرێت کەبەشێوەیەکی فراوان خەڵکی تێدایە.

کەواتە دەزگای راگەیاندنی تەقلیدی ئەم جۆرە دەزگا راگەیاندنە کە رۆژنامە و گۆڤار و رادیو و تیڤی لە خۆدەگرێت. بەڵام دەزگای راگەیاندنی نوێ ئەم جۆرە دەزگایە کە هەڵدەستێت بە پەخشکردن و رەوانەکردنی زانیاری لە رێگای تۆڕی ئینتەرنێت (الکیلی 1990، 289).

**3. چەمکی میدیای نوێ (New Media)**

بەپێی فەرهەنگی تەکنەلۆژیا (Gigh tech Dielw ) ڕاگەیاندنی نوێ پێناسە دەکرێت بەم شێوەیە : یەکگرتنی کۆمپیوتەر و تۆڕی کۆمپیوتەر و هۆکارە جۆراوجۆرەکانی.

هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی کە ڕێگایەکی نوێیە لە بواری ڕاگەیاندن لە ژینگەی جۆراوجۆر و هەل دەرەخسێنێت بۆ کۆمەڵ و خەڵك بگەن بەیەك و کۆببنەوە لە ناو ئینتەرنێت. بە گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوانیاندا و ئەوەش ژینگەیەکە کە لە بوار بۆ کۆمەڵەکان دەرەخسێنێت کە گوێیان لە دەنگی بێت و تەواوی جیهان گوێیان لەدەنگەکەی ئەوان بێت (صادق 2008، 31).

هەروەها پێناسەدەکرێت: میدیا و پەیوەندیکردنی نوێ سەرهەڵدا لە ژێر سایەی ژینگەی جۆراوجۆر، بە جیاواز دەرکەوتن بەهۆی کارلێك و جۆراوجۆری شێوەکانی تەکنەلۆژیا (صادق 2008، 32).

بەم شێوەیەش پێناسە دەکرێت :

چەمکی میدیای نوێ دیاریدەکات لە میانەی پرۆسەی پەیوەندیکردن کە بەرهەم دێت لە ڕێگای یەکگرتنی سێ توخمی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان و هۆکارەکانی جۆراوجۆر.

یەکگرتنی ئەم تەکنیکانە و دەزگای ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی نوێ دەبێتە ناوەندێك بۆ لابردن و هەڵوەشانەوەی کۆت و بەندی سنوورەکان، کە ڕۆڵی ڕاگەیاندن کەم دەکەنەوە، لەڕێگای بەکارهێنانی میکانیزمەکانی هێمایی وژمارەیی بۆ دەنگ و ناوەڕۆکی بابەتەکان و وێنە (الشمیری 2010، 182).

**دووەم: ئەرکەکانی دەزگای ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی نوێ**

ئەرکەکانی دەزگای ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی نوێ بەدیدەکرێت بە گوێرەی ئامانجی مەسەبەستدا لە ڕێگای ناردنی نامەیەك، یان زانیارییەك، یان بە گوێرەی ئەو مەبەستەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەیت، یان بە گوێرەی ژینگەیی نێودەوڵەتی.

ئەرکەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی نوێ و تەقلیدی و کۆن هەردووکیان یەك بەهایان هەیە، بەڵام جیاوازیان هەیە لەرووی بەربەستەکان بەگوێرەی ڕێژەی پەرەسەندنی کە باوە. دەتوانین ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی نوێ دیاری بکەین لەم خاڵانەی خوارەوە:

1.تێپەڕاندنی بەربەستەکان بەهۆی بەرپابوونی پەیوەندیکردنی ژمارەیی، هەمەجۆری و تاك بەدرێژایی کات لە ڕێگەی کۆمپیوتەری کەسی و پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەری تۆڕدا. تێپەڕاندنی بەربەستەکانی پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکە لەڕێگەی بەرنامەی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان لە چواچێوەی واقعی خەیاڵی، کە ئەوەش نابێتە پەیوەندییەکی رووبەروو، بەڵام لەشێوەی گفتووگۆکردن و قسەکردن و پۆستی ئەلیکترۆنی لەگەڵ کەسانی دیکە، نە یەکتری ئەناسن و هیچ شێوازێکی تایبەت کۆیان ناکاتەوە، تەنها ئەو لۆژیکە نەبێت کە بەسەریان سەپێنراوە (عیسانی 2008، 152).

2.ئاسانی لە پەیوەندیکردن بە پێگەی هەواڵی راستەوخۆ یان دەستبەجێ ڕاگەیاندن، چونکە هەزاران پێگەی میدیایی کە ئەرکیان پێشکەشکردنی هەواڵ و واقعی ڕووداوەکانە و بڵاو کردنەوەیەتی لە تەواوی گۆیی زەوی لە ساتی ڕوودانی.

3. توانای هەڵەچنینی هەیە بۆ پشتگیرکردنی بیرۆکەکان، یان ئەو بیرۆکانەی کە دژی بانگەشەیەك دەوەستەوە، کە ئەمەش دەتوانێت رای گشتیی هەرێمایەتی و جیهانی لەسەر دروست بکرێت سەبارەت بە هەڵوەستەیەك، یان کێشەکی تاکەکان لەکاتێکی دیاریکراودا (الهاشمی 2006، 155).

4.نەبوونی سەرچاوەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی راستییەکان، کە ئەمەش پاڵپشت دەبێت بۆ ئەرکی پروپاگەندە، ئەمەش دەبێتە بەدیارکەوتنی لایەنێکی خراپ و نەرێنی، ئەمەش دەبێتە هۆی داگیرکردنی کەلتوور، زاڵبوون بەسەر رۆشنبیری و هەڵەچنینی رۆشنبیری (الهاشمی 2006، 155).

5.پێشکەشکردنی زانیاری جۆراوجۆری هەمەڕەنگ، کە جیاوازن لەرووی بەهێزبوونی زانیاری کە پێشتر وێنەی نەبوو، ئەوەش بەهۆی تایبەتمەندی کە لە ناو تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و زانیاریدا هەیە لە هەموویان گرینکتر قەبارەی تۆمارکردن و لە ناوبردن ( ڕەشکردنەوە) (الهاشمی 2006، 156).

6.ئەرکی بە بازارکردن لە ناو ڕاگەیاندن دەنگێکی گەورەی نایەوە، بە تایبەتی لای ئەو کەسانەی بانگەشە و ڕێکلام بۆ کاڵا دەکەن، ئەمەش بووە هۆی بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە بەکارهێنەران. بەدەستهێنانی ئەم جۆرە ئەرکە سوودێکی زۆری هەیە بۆ جەماوەر بەڵگەیەکە یارمەتی بەکارهێنەر دەدات بۆئەوەی بڕیاری کرینی کاڵایەك بدات و لە لایەکی دیکە دەبێتە پێدانی روونی سەرچاوەی پارەدان (المزاهرة 2012، 70-71).

7.دەزگای ڕاگەیاندنی نوێ لە بواری خوێندن و پەروەردە بەشێوەیەکی فراوان سەری هەڵدا. وڵاتانی جیهانی پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆیەوە بینیوە بەهۆی سوود وەگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت. هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خوێندن بە گشت ئاستەکانی خوێندن.

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی چەمك و ستراتیژیەتی تایبەت بە پرۆسەی خوێندن لە دوورەوە. فێرکردن و خوێندن لەرێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و تۆڕی خوێندن چەندانی دیکە کە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەك و تۆڕەکان (مکاوی 2007، 227).

8. لە رێگەی میدیای نوێ شەپۆلێکی پێشبڕکێی یارییەکان لە ناو پێگەی تۆڕی ئینتەرنێت دروست بووە، یان لە بەرنامەکانی ژمارەیی ئامادەکراوە، بۆ ئەم مەبەستە کە دەگونجێت بۆ ئاستی هاوتەمەنەکان. راگەیاندنی نوێ هۆکارێك بوە بۆ بەدەستهێنانی ئەرکی یاری و کات بەسەربردن، کە ئەمەش سەرەنجی گشت ئاستەکانی تەمەنی بۆخۆی راکێشاوە. لە پاڵ ئەوەشدا ئەو پێگانەی راگەیاندن مادەی راگەیاندنی دیکە بڵاودەکەنەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئەرکە لە دابینکردنی پێداویستییەکتنی جەماوەرو بەکارهێنەرانی (عیسانی 2008، 156).

## سێهەم: رۆڵی میدیا بە گشتیی و میدیای نوێ لە گۆڕانکاری دیموکراسی

پەیوەندییەکی دووسەرە لەنێوان میدیا و دیموکراسیەتدا هەیە، بۆچوونەکان کۆکن لەسەر ئەوەی هیچ سیستەمێکی سیاسی بەرەو دیموکراسیەت ناچێت و کامڵ نابێت، ئەگەر میدیایەکی کاریگەر رۆڵی چاودێریکردن و راستەڕێکردنی ئەو سیستەمە نەبینێت، هەروەك هیچ میدیایەکی کاریگەریش دروست نابێت، ئەگەر کۆمەڵگا بەرەو دیموکراسیەت هەنگاو نەنێت

کەواتە ئەوەندەی سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات دیموکراسیانەتر بێت، ئەوەندەش میدیاکان لە گەشەکردندا دەبن، چەندیش میدیایەکی ئازاد و کارا هەبێت، ئەوەندە پرۆسەی سیاسی گەشە دەکات و دیموکراسیەت و ئازادییەکان بەرفراوانتر دەبن. هەرچەند زۆرجار گەشەکردنی میدیا بەگشتی لەسەر بنەمای ژمارەی کەناڵەکانی راگەیاندن دەستنیشان ناکرێت، واتە زۆرجار گەشەکردنی میدیا لە رووی چەندایەتییەوە، مانای گەشەکردن و کارابوونی میدیا نییە لەرووی چۆنایەتییەوە، بەڵام ئاساییە کە هەنگاوەکان لە سەرەتادا بە چەندایەتی دەستپێبکەن و دواتر کاربکرێت بۆ ئەوەی بەهەمان رادەی گەشەکردنی چەندایەتی، کار لەسەر گەشەپێدانی چۆنایەتی کەناڵە میدیاییەکان بەگشتی بکرێت (دایمۆند 2008، 20).

بەو ئاراستەیە، میدیا بەگشتی و میدیای نوێ بەتایبەتی، دەتوانن بەرەو جێگیرکردن و وەدیهێنانی دوو ئامانج کاربکەن، یەکەمیان: میدیا لە پێناو خەڵکدا، یان لە پێناو خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکاندا، دووەمیان: میدیا لە پێناو ئامانجێکی دیکە، جا ئەو ئامانجە بەرەو هێزێکی سیاسی یان حکومەتێکی دیاریکراو یان کۆمپانیا و دامەزراوەیەکی دیکە بێت، کە لەو شێوە کاری میدیاییەدا، لەبری زانیاریی، هەوڵی نەك دروستکردن، بەڵکو سەپاندنی بۆچوونێکی دیاریکراو بەسەر هاوڵاتیاندا دەدرێت. لە باسەکانی داهاتوودا، شێوەکانی کاری میدیایی بە وردی دەخەینەڕوو.

شۆڕشی دیموکراسی یارمەتیدەر بوو بۆ رووخاندنی شوعیەت و نەهێشتنی جیاوازی رەگەز پەرستی لە باشووری ئەفریقیا و هەستانەوە بەرووی ستەمی دەسەڵاتی خۆسەپێن لە باشوور و رۆژهەڵاتی ئاسیا و چەندین ناوچەی دیکە لە وڵاتانی جیهان. لە پاڵ ئەوەشدا باس لە روودانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی کردووە دیارترینیان شۆڕشی 25ی یەنایەری لە مصر لە ساڵی 2011، لەرووی دیموکراسی و دووپاتی بەهای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کرایەوە.

گۆڕانکارییەکان دەگونجێنرێت لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی کە بابەتی شۆڕشی زانستی تەکنەلۆژیای خستەڕوو. کە گشت بوارەکانی لە خۆگرتبوو بەشێوەیەك کە بگونجێت و هاوکار بێت لەگەڵ گواستنەوەی لە شێوەی قسەکردن و بیرورا بۆ شێوەی کرداری کە هەڵێکی گرینگی بەدیهێنا بۆ پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی و ژیانی سەردەم. ئاسۆیەکی کردەوە لە بەرامبەر داهاتووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. ئێمە لە سەای ئەم شۆڕشە کەوتینە بەردەم رەوشی گۆڕانکاری قوڵی پەیوەستە بە سیستەم و شێوەی پەیوەندی گۆڕینەوەی زانیارییەکان. نەوەك تەنها لەسەر ئاستی نێوان وڵاتان و دامەزراوەکانی تایبەتمەدار.

ئەم کارەش کاریگەری هەبوو لەسەر ژیانی سیاسی ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دیاردە لە بواری نوێی جۆراو جۆر.

لۆژێکی پەرەسەندنی بەردەوامی زانستی تەکنەلۆژیا بووە هۆی گۆڕانکاری و گۆڕان لە شێوەی ژیانی مرۆڤ بە تەواوی لە جیهان بەوشێوەیە رەوشی خەڵك تێکەڵ بوو بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری. بەهۆی لێکەوتەی ئەو گۆڕانکاریانە و گۆڕینی شێوەی ئەو ئامرازانە کە بەکاریان دەهێنا بۆ رادەربڕینی بیرۆکە و بۆچوون و بەرگریکردنیان لە بەرژەوەندییەکانیان (دهشان 2018، 130).

بە بۆچوونی ( فلیپ ئلر و کامبانت و دایفن شوور) لە لیکۆلینەوەکانیان بە ناوی ( بۆچی جیهانی عەرەبی ئامادەیی شۆڕشکردن بوون ؟) کە لە ژمارەی کۆتایی گۆڤاری ( Jornal economic perspectives) بڵاوکراوەتەوە ئاماژەبەوەکراوە، یەکێك لەو رەهەندانەی کە وای کرد وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە جیاواز دەربکەون، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کەوتنە ژێر شەپۆلی بەهاری عەرەبی بریتیی بوون لە گونجان و کۆبوونەوەی لە نێوان ئاستەکانی خوێندن بەهۆی کەم بوونەوەی هەلی کار و نەبوونی دیموکراسی بەراورد بە وڵاتانی دیکە. پاشان یەکێك لە شیکردنەوەکان کە بریتییە لە ونبوونی میکانیزمی دیموکراسی بۆ گۆڕینی سیتەسمی حکومڕانی و دەسەڵات . حکومەت

کەوتە ژێر فشاری توێژە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی کۆبوونەوەی کێشەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پاشان گەل دەرەچەیەکی دۆزیەوە بۆ رێڕەوی شەپۆلی نارەزاییەکان لەسەرەتادا لە چەشنی ئەلیکترۆنی بوو لە رێگەی تەندروستیکردنی، یان چاکسازی لە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی و رۆشنبیری و ئاینی هاووڵاتیان (أبوشنب 2012، 34).

ئەوەی پەوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، "هەرێمی کوردستان قۆناغی پێش دیموکراسیەتی بڕیوە، واتە قۆناغی پێش ساڵی 1991 کە کوردو هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕین، بەڵام لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسییە، ئەم قۆناغە هەڵگری کۆمەڵێك لایەنی پۆزەتیڤە و نیگەتیڤە، لەو لایەنانەی رووبەڕووی کێشەو ئاڵۆزی دەبێتەوە میدیا وەکو سەرجەم کایەکانی ناو کۆمەڵگە و بوارەکانی تری ژیان وەك ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی و یاساو ئایین توشی کۆمەڵێك کێشە و گرفت دەبێتەوە، لەم نێوەندەشدا میدیا هەم بۆخۆی دەبێتە کێشە هەم بۆ لایەنە سیاسیەکان و خەڵك، چونکە بەدەر نییە لەو هەڵومەرج و قۆناغەی بەگشتی کۆمەڵگا یان وڵات پێیدا تێپەڕ دەبێت" (جلال، 2020).

لەکاتێکدا کە ئازادی کاری میدیایی، یەکێك لە پێش مەرجەکانی هەر سیستەمێکی دیموکراسییە، لەهەمان کاتیشدا، میدیاکاران لەرێگەی ئەو ئەرکەی لەئەستۆی دەگرن، سەقامگیری سیاسی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا مسۆگەردەکەن. لێرەدا دەکرێت، دوو ئەرکی سەرەکی بۆ میدیا و میدیاکاران دەستنیشان بکەین:

یەکەمیان: چاودێریکردن، پێداچوونەوە و کۆنترۆڵکردنی کار و کردەوەکانی دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی حکومی، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هاوڵاتیاندا "وەڵامدەرەوە"بن و لە بەرامبەر کارەکانیاندا "بەرپرس" بن.

دووەمیان: راهێنانی هاوڵاتیان کە چۆن بتوانن بڕیاری سیاسی بدەن.

لە خاڵی یەکەمیاندا، دوو چەمکی "وەڵامدەرەوە" و "بەرپرسیارێتی" بەرچاو دەکەون، کە دوو چەمکی بەرپرسبوون و وەڵامدەرەوە بوون، بڕبڕەی پشتی دەوڵەتێکی دیموکراتیکن، حکومەت هاوکات کە بەرپرسە لە بەرامبەر کارەکانی خۆیدا، وەڵامدەرەوەشە لە بەرامبەر هاوڵاتیاندا. هەرچی پەیوەندی بە خاڵ یان ئەرکی دووەمیانەوە هەبێت، بێگومان میدیا دەتوانێت رۆڵێکی کارا لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بگێڕێت، بە جۆرێك کە لەرێگەی پێدانی زانیارییەکان بە خەڵك، بتوانێت هۆشیاری کۆمەلایەتی دروست بکات و لەوێوە هاوڵاتیان لە حکومەت ئاگادار بکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت حکومەت لە هاوڵاتیان نزیك بکاتەوە و وەك ئەلقەیەکی پەیوەندی لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتدا دەربکەوێت (قادری 2009، 36-37).

**چوارەم: رەوشی میدیا و دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستاندا**

بەهۆی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان و راپەڕینی بەهاری 1991، بەشێکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتی حزبی بەعسی عێراقی رزگارکران، بەڵام بەهۆی شکستی گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و رژێمی بەعس لە (1991/10/26)دا حکومەتی عێراقی دەستی کرد بە کشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکان لە ناوچەکانی کوردستاندا و بەمەش بۆشاییەکی یاسایی و ئیداریی دروستکرد، بەرەی کوردستانی کە لە حەوت پارتی سیاسی پێکهاتبوو، لە ئاستی رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژە سیاسی و ئیداری و یاساییەدابوو کە رژێم لە کوردستان دروشتی کرد، ئەوە بوو لە پێناو بەڕێوەبردنی هەرێم و دانانی دەسەڵاتی یاسا، بەرەی کوردستانی بیری لە دامەزراندنی سیستەمێکی پەرلەمانی کردەوە لە رێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازاد و دیموکراتەوە، بەو شێوەیە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و رابەری گشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەرێگەی دەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ لە (1992/5/19) بە بەشداری نزیکەی یەك ملیۆن دەنگدەر ئەنجامدرا و پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان دیاریکرا (کوردستان 2013). دوای پێکهێنانی پەرلەمان، لە (1992/7/4) حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێدرا، لە رێککەوتی (1992/10/4)یشدا، پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی تاکلایەنە بڕیاری فیدراڵیەتی بۆ هەرێمی کوردستان دەرکرد، کە وەك لە ناوەڕۆکبڕیارەکەدا هاتووە"بە تێکڕای دەنگ بڕیاری چارەی خۆنووسین و دەستنیشانکردنی پەیوەندی قانوونی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە پلەی مێژوویدا، لەسەر بنچینەی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانیدا دەدا، بە شێوەیەك کە سیستەمی فرەحزبی دابین بکا و رێز لەو مافانەی مرۆڤ بگرێت کە لە پەیمان و باوەڕنامە نێودەوڵەتییەکاندا سەلمێنراون" (عێراق، پرۆتۆکۆڵەکان، 1992).

دوو ساڵ بەر لە پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2003)دا، بارودۆخی عێراق و ناوچەکە گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا هات، ئەویش بەداگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان کە هێزەکانیان لە (2003/4/9) گەیشتە شاری بەغدا و بەمەش بەشێوەیەکی کردەکی کۆتایی بە رژێمی بەعسی عێراق هات (رەسوڵ 2007، 580).

کەواتە وەکو سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردن، هەرێمی کوردستان خاوەن سیستەمێکی دیموکراسی و پەرلەمانییە، کە دامەزراوە دیموکراسییەکانی وەکو پەرلەمان، هەڵبژاردنەکان، پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان یان بەگشتی کۆمەڵگای مەدەنی و رای گشتی و ... هتد لەخۆگرتووە.

بێگومان، هەبوونی فرە حزبی، ئاماژەیەکە بۆ هەبوونی جۆرێك لە فەزای دیموکراسیەت لە کۆمەڵگادا، ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، نزیکەی (30) پارتی سیاسی لە چوارچێوەی رەوتەکانی (نەتەوەیی، چەپ و ئیسلامی) کاردەکەن.کە بەشێك لە پارتە سیاسییەکان لەبەرەی دەسەڵات و بەشێکی دیکەیان لە پێگەی ئۆپۆزسیۆن بووندان.

بەشێوەیەکی ئاسایی، سیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، لەرووی سیاسییەوە دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەتی عێراق، بەوەی کوردستان هەرێمێکە لە دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، کە عێراقی پێدەگوترێت و ئەو چوارچێوە سیاسی و یاساییەش لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیرکراوە .

لە ماددەکانی یەکەم و دووەمی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە و سیستەمی حوکم تیایدا، کۆماری، نوێنەرایەتی، پەرلەمانی، دیموکراتییە. هەروەك جەخت لەوەش کراوەتەوە، کە لە عێراقدا "نابێت یاسایەك دەربچێت، کە لەگەڵ سەرەتاکانی دیموکراسیدا ناکۆك بێت" (رەسوڵ 2007، 593).

لەو روانگەیەوە، کە توێژینەوەکەی ئێمە، راستەوخۆ ساڵانی نێوان (2003-2021)ی وەك نمونە وەرگرتووە، لەبەرئەوە ئەگەر زۆر بە کورتی ئاوڕ لە واقیعی سیاسی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بدەینەوە، دەبێت باس لەوە بکەین، کە هەر لە دوای راپەڕین و هەڵبژاردنی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان و پاشان پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ناکۆکی پارتە سیاسییەکانەوە، هەرێمی کوردستان بەگشتی دووچاری شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری بووەوە، شەڕەکە بە دیاریکراوی لە ساڵی (1994)ەوە دەستی پێکرد و لە ساڵی (1998) هەردوو هێزە باڵادەستەکەی هەرێمی کوردستان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) لە واشنتۆن ڕێککەوتنی ئاشتیان مۆرکرد، بەڵام شەڕی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانی بەسەر دوو نیچمە هەرێمی سەربەخۆ دابەش کرد، کە لەلایەن دوو حکومەتی هەرێم لە ئیدارەی سلێمانی و ئیدارەی هەولێر بەڕێوەدەبرا (بەحری 2006، 40).

هەروەك پرۆسەی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوەچوونی بە خۆیەوە بینی، چونکە پێشتر بەهۆی شەڕی ناوخۆییەوە، تەنانەت نەتوانرا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لەکاتی خۆیدا، کە بۆ هەر چوار ساڵ جارێك بەڕێوەدەچێت، ئەنجام بدرێت، بەڵام لە دوای (2003)ەوە، وێڕای پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو، هەروەك کۆتایی هێنان بە دوو حکومەتی و دوو ئیدارەیی، لەهەمان کاتیشدا هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە (2009/7/25) بەڕێوەچوو، ئەمەش وێڕای هەموو ئەو کەموکوڕی و رەخنانەی لە پرۆسەکە دەگیرێت، بەڵام بەگشتی بۆچوونێکی راست هەیە، بەوەی پرۆسەکە لە کاتی دیاریکراودا ئەنجام درا و بەمەش دەتوانرێت بگوترێت بەرەوپێشەوەچوونی بەخۆیەوە دیوە.

هەر لە ئەنجامی ئەو بەرەوپێشچوونە سیاسییەش بوو، بۆ یەکەمجار لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، چەند هێزێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان لەناو پەرلەمانی کوردستاندا راگەیاند و بەشداریان لە پێکهێنانی حکومەتدا نەکرد.

هەموو ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانە، هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتن و گەشەکردنی خێرای ژمارەیەکی زۆر لە دەزگای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە ژمارەی کەناڵە ئاسمانییەکان کە لە سەرەتای راپەڕینی بەهاری (1991)ەوە زۆر کەم بوون، کە هەندێکیان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێکیشیان لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە خاوەندارێتی دەکرێت، بەڵام لە دوای قۆناغی (2003)ەوە بۆ زیاتر لە 700 دەزگای میدیایی بە هەموو جۆرەکانی ( بینراو و بیستراو و خوێنراو) زیادیکرد.

کەواتە وەك چۆن گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بە ئاراستەیەکی ئەرێنی روویدا، بەهەمان شێوە، زەمینەی ئەوەش رەخسا کە حزب و پارتە سیاسییەکان و لایەنەکانی دیکەی کەرتی تایبەت کەناڵی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن.

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دیموکراسیەت و میدیادا هەیە، چەندی پرۆسەی سیاسی بەرەو پێشەوە بچێت، ئەوەندە میدیاکان چالاکتر و ئەکتیف تر دەبن. لە دوای (2003)ەوە ناتوانرێت بگوترێت قۆناغەکە گەشەکردنی خێرایی بەخۆیەوە نەدیوە، هەم لە رووی سیستەم و جۆری حوکمڕانی (واتە پەیوەندی دەسەڵات و خەڵك)، هەم لەرووی گەشەکردنی ئامرازە مەدەنییەکانی وەکو ڕێکخراوەکان و پارتەکان و لە هەمووانیش گرنگتر پرسی ئازادی و دامەزراوە میدیاییەکان، کە بەشێکن لە پرۆسەی بە دیموکراتیزەبوون و جێگیرکردنی پایەکانی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستاندا (رەسوڵ 2007، 580-600).

ئێستا هەرێمی کوردیستان کە بە قۆناغی سەرهەڵدان و جێگیرکردنی بەهاکانی دیموکراسیەتدا تێپەڕدەبێت، لەو نێوەندەدا "بەشێوەیەکی گشتی میدیا لەم قۆناغەی سەرهەڵدانی دیموکراسیانەی توانیوە هاوشانی بەرەو پێشچوونی دیموکراسیەت هەنگاوی باش بنێت، لەبەر

كۆمەڵێك هۆكار وەك: نەبوونی زانیاری ورد و زانیاری ناورد لەلایەن سەرچاوە رەسمیەكانەوە نەك تەنها میدیاكان زانیاری وردیان لەبەردەستدا نییە، بەڵكو هاوڵاتی ئاسایی لەم قۆناغەدا ناتوانێت دەستی بگات بە زانیاری چ جای ئەوەی میدیاكان دەستیان پێ بگات، حاڵەتێكی تریش میدیاكان بەشێوەیەكی گشتی لەسەرەتای سەرهەڵدانییانەوە تا ئێستاش زانیارییەكی بێشومار ئاراستەی خەڵك دەكەن، بەڵام ئەو زانیارییە بێ شومارانە ورد نین، زانیاری ناورد ناتوانێت شۆڕشێكی گەورە لەسەر ئاستی مەعریفی تاكەكان دروست بكات، ئەو زانیاریانە هەرگیز ناتوانن گۆرانكاری لە رای گشتی رای تاك دروست بكەن، بۆ ئەوەی میدیا لەم قۆناغەدا بتوانێت دیموكراسیەت بەرە پێش بەرێت و ئاراستەی دیموكراسی بە ئیجابی ببات و لەم قۆناغەی ئێستا تێیدایە دەربازی بكات لەگەڵ دیموكراسیەت بگونجێت و نەشونما بە دیمكراسیەت بدات پێویستە پێویستە ورد بێت لە پێدانی زانیاری و زانیاری كوالێتی بەرز بەتایبەت لەرێگەی میدیای نوێ و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان پێشكەشی جەماوەر بكرێت" (جلال، 2020).

بەڵام بەهەموو ئەو تێبینی و سەرنجانەشەوە، هێشتا میدیاكان بەگشتی و میدیای نوێ بەتایبەت، لە چەند ئاستێكی دیاریكراو و پەیوەست بە پرسی سیاسی و دیموكراسیەتەوە، رۆڵ و كاریگەریی گەورەیان هەبووە، دەتوانین چەند ئاستێك لەم رووەوە دەستنیشان بكەین:

ئاستی یەكەم: رۆڵی میدیای نوێ لە گەشەپێدانی دیموكراسیەت وەك هۆشیاری دیموكراسی.

ئاستی دووەم: رۆڵی میدیای نوێی كوردی لە رووبەڕووبوونەوەی حاڵەتەكانی پێشێلكاری بەرامبەر دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ.

ئاستی سێیەم: رۆڵی میدیای نوێی كوردییەكان لە پرۆسەی سیاسی و ئەو وێستگانەی كە پێیان دەگوترێت وێستەگەكانی بەشداری كیانی سیاسی وەك هەڵبژاردن، ریفراندۆم، خۆپیشاندانەكان و... هتد.

ئاستی چوارەم: رۆڵی میدیای نوێی كوردیەكان لە كردنەوەی خودی حزبە كوردستانییەكان و گەشەپێدانی پرۆسەی دیموكراسیەت لە ژیانی حزبایەتیدا (جلال، 2020).

## 3- لایەنی پراكتیكی توێژینەوە

### یەكەم: رێككارەكانی لایەنی پراكتیكی توێژینەوە

لەم بەشەدا ئەو هەنگاوە زانستیانە خراوەنەتەڕوو، كە لەتوێژینەوەكەدا بەمەبەستی دەستنیشانكردنی كۆمەڵگەی توێژینەوەو هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوەو پێوەری راستی و رادەی جێگیری و خستەرووی ئامرازە ئامارییە بەكارهاتووەكان خراونەتەڕوو، بە لەبەرچاوگرتنی رێوشوێنە پراكتیبیەكانی توێژینەوە هەنگاوەكان دەخەینەڕوو:

1-1.**دیاریكردنی كۆمەڵگای توێژینەوە :**

كۆمەڵگای توێژینەوە پێكدێت لەو كۆمەڵگایەی دەكەوێتە نێو چوارچێوە سنووری توێژینەوە لەسەرجەمی ئەو یەكەو توخمانەی دەكەونە نێو پێكهاتەی كۆمەڵگەی توێژینەوە كە توێژەر نیازی وایە ئەنجامی توێژینەوەكە بەسەر كۆری یەكەكانی ئەو كۆمەڵگایە بگشتێنێت سەبارەت بە فۆڕمی راپرسی توێژینەوەكە كە دابەشكراوە سەر قوتابیانی زانكۆ لە سنووری زانكۆكانی هەولێر.

**2-1 دیاریكردنی سامپڵی توێژینەوە.**

سامپلی توێژینەوە بەشێكی هەڵبژێردراوی كۆمەڵگەی توێژینەوەیە گوزارشت لە وێناكردنی تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگای توێژینەوە دەكات و هەڵگری سیفەتەكانی كۆمەڵگای توێژینەوە،كە توێژەر بەشێواوزێكی زانستی هەڵدەبژێردێت، بەجۆرێك كە سامپڵەكە توێنەرایەتی كۆمەڵگای توێژینەوە دەكات.

لەم توێژینەوەدا توێژەر بە مەبەستی دیاریكردنی سامپڵی توێژینەوەكە راپرسییەكی بۆ سامپڵێك لە قوتابیانی زانكۆ كە پێكهاتووە لە (371) فۆڕم كە پێكدێت ( 202) كچ و ( 169) كوڕ لە كۆلێژی زانست و ئاداب لە زانكۆی سەلاحەدین و كۆلێژی یاسا و پەیوەندیە گشتییەكان لە زانكۆی جیهان.

**3-1. پێوەری راستی رواڵەتی:**

تـوێژەران بـۆ دەسـتکەوتنی پێـوەری راسـتی پشـتیان بـە(5)[1] پسـپۆری ئـەکادیمی لـەبوارەکانی راگەیانـدن و ئامـار بەسـتووە. دوای هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان و ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بۆ کاری فۆڕمەکان دەرکەوت رێـژەی راسـتی رواڵەتی بریتییـە لـە( 89.36% ) ، مانای وایە راستی فۆڕمەکە رێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە. دوای ئامادەکردنی فۆڕمی راپرسی توێژەران بەمەبەستی دەرهێنانی راستی، ئەم فۆڕمانەیان بەسەر پسپۆڕاندا دابەشکرد.

**4-1 فۆڕمی راپرسی:** فۆڕمی راپرسی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بەبابەتی توێژینەوە، کە لەڕێگـەی پرسـیارنامەوە لەلایـەن بەرتوێژانەوە پڕدەکرێتەوە. فۆڕمی راپرسییەکە پێکهاتووە لە(5) پرسیاری گشتی و(36) پرسیاری تایبەت بەتوێژینەوەکە.

**5-1. رادەی جێگیری فۆڕمی راپرسی توێژینەوەکە**

بۆ دڵنیابوون لەڕادەی جێگیری برگەکانی فۆڕمی راپرسی ئـەم توێژینـەیوە، تـوێژەران هاوکێشـەی(الفا کرۆنباخ)یـان بـەکارهێناوە. لـەم توێژینەوەیەدا نزمترین بەهای بریتییە لە ( 0.851 ) ، کە ئەمەش بەهایەکی بەرزی رادەی جێگیری بۆ ئەنجامـدانی پرسـیارەکانی فـۆڕمی راپرسی پیشان دەدات.

**6-1. ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لە توێژینەوەکەدا**

بریتییە لەو ئامرازە ئامارییانەی، کـە تـوێژەران بـۆ دەسـتکەوتنی ئەنجامـەکانی بەمەبەسـتی شـیکردنەوەی داتاکـان بـەکاریان دەهێنێـت. توێژەران بەشێك لە کەرەستە ئاماریـەکانیان بـەکارهێناوە، کە گرینگترینیـان ( Statistical Package Social Science)، ( SPSS)ە، واتـە شیکردنەوەی داتای ئاماری لەڕێگەی ئەم بەرنامەیە.

**دووەم: شیکردنەوەی خشتەکان و خستەڕووی زانیارییەکانی فۆڕمی راپرس ودەرەنجامەکان**

**1. شیکردنەوەی خشتەکان و خستەڕووی زانیارییەکانی فۆڕمی راپرسی**

خشتەی (1) رەگەزی بەشداربووانی راپرسییەکە روون دەکاتەوە

| *زانیاریە کەسییەکان* | | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| **ڕەگەز** | نێر | 169 | 45.6% |
| | مێ | 202 | 54.4% |
| کۆی گشتی | | 371 | 100% |

خشتەی (1) رێژەی رەگەزی بەشداربووانی راپرسییەکە روون دەکاتەوە. وەك دەردەکەوێت، بە رێژەی لە سەدا (45.6)ی بەشـداربووانی راپرسییەکە بەدووبارەبوونەوەی ( 169 ) لە رەگەزی نێرینە و لە بەرامبـەردا بـە رێـژەی لـە سـەدا (54.4)ی بەشـداربووانی راپرسـییەکە بەدووبارەبوونەوەی ( 202 ) لە رەگەزی مێینەن.

خشتەی (2) ئاستی تەمەنی بەشداربووانی راپرسییەکە روون دەکاتەوە

١. پ.ی.د. مغدید خدر سەپان/ زانکۆی سەڵاحەدین
٢. پ.ی.د. رزگار مغدید احمد/ زانکۆی سەڵاحەدین
٣. پ.ی.د. صادق حەمە غریب / زانکۆی سەڵاحەدین
٤. پ.ی.د. سامان جلال / زانکۆی سەڵاحەدین
٥. پ.ی.م هەردەوان محمود کاکە شێخ / زانکۆی سەڵاحەدین

| % | دووبارە بوونەوە | زانیاریە کەسییەکان | |
|---|---|---|---|
| 86.7% | 319 | 18-24 | تەمەن |
| 8.2% | 30 | 25-30 | |
| 3.8% | 14 | 31-36 | |
| 1.4% | 5 | >36 | |
| 100% | 368 | کۆی گشتی | |

خشتەی ژمارە (2) ئاستی تەمەنی بەشداربووانی راپرسییەکە روون دەکاتەوە، بە گوێرەی ئەنجامەکانی راپرسییەکە، ئەوانەی ئاستی تەمەنیان لە نێوان (18-24) ساڵ دەبێت بە پلەی یەکەم دێت، بە رێژەی لە سەدا (86.7)ی بەشداربووانی راپرسییەکە پێکدەهێنن بەدووبارەبوونەوەی ( 319 ) بە پلەی دووەم دێت. هەروەك لە سەدا (8.2)ی بەشداربووانی راپرسییەکە بەدووبارەبوونەوەی ( 30 ) تەمەنیان لە نێوان (25-30) ساڵ دایە بە پلەی سێهەم دێت، بە رێژەی لە سەدا (3.8)ی بەشداربووانیش بەدووبارەبوونەوەی ( 14 ) ئاستی تەمەنیان لەنێوان (31-36) ساڵ بە پلەی چوارەم دێت، لە بەرامبەردا بەرێژەی لە سەدا (1.4)ی بەشداربووان ئاستی تەمەنیان سەرووی (36) ساڵ دەبێت بەدووبارەبوونەوەی ( 5 ) بە پلەی پێنجەم دێت.

خشتەی (3) ئاستی بڕوانامەی لێتوێژەران دیاریدەکات

| % | دووبارە بوونەوە | زانیاریە کەسییەکان | |
|---|---|---|---|
| 21.6% | 80 | قۆناغی ئامادەیی | ئاستی خوێندەواری |
| 8.4% | 31 | قۆناغی دبلۆم | |
| 68.7% | 255 | قۆناغی بەکالۆریۆس | |
| 1.3% | 5 | قۆناغی ماستەر و دکتۆرا | |
| 100% | 371 | کۆی گشتی | |

لە خشتەی (3)دا دەردەکەوێت، بەرێژەی (68.7%)ی بەشداربووان بەدووبارەبوونەوەی ( 255 ) لە قۆناغی بەکالۆریۆسن بە پلەی یەکەم دێت، بەرێژەی (21.6%)ی بەشداربووان بەدووبارەبوونەوەی ( 80 ) لە قۆناغی ئامادەین بە پلەی دووەم دێت، رێژەی

(8.4%) بەدووبارەبوونـەوەی ( 31 ) لـە قۆنـاغی دبلـۆم بـە پلـەی سـێهەم دێـت، رێـژەی (1.3%)ی بەشـداربووانی راپرسـییەکەش بەدووبارەبوونەوەی ( 5 ) لە قۆناغی ماستەر و دکتۆرادان بە پلەی چوارەم.

خشتەی ( 4) تایبەت بە بەکارهێنانی جۆری ئامراز، یاخود فۆڕمە جیاوازەکانی میدیای نوێ

| ز | زیاتر بەکارهێنەری زیاتر کام لە ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ ی؟ | زیاتر لە وەڵامێک هەڵبژێردراوە؟ | |
|---|---|---|---|
| | | دووبارە بوونە | % |
| 1 | فەیسبوک | 232 | 12.57% |
| 2 | ئینستگرام | 280 | 15.18% |
| 3 | تیکتۆک | 108 | 5.85% |
| 4 | تیلیگرام | 142 | 7.70% |
| 5 | واتساب | 110 | 5.96% |
| 6 | وێبسایت | 139 | 7.53% |
| 7 | ویکی | 31 | 1.68% |
| 8 | تویتەر | 85 | 4.61% |
| ز | سناپ چات | 266 | 14.42% |
| | یوتیوب | 191 | 10.35% |
| 9 | ماسنجەر | 223 | 12.09% |
| 10 | بلۆگ | 24 | 1.30% |
| 11 | بۆدکاست | 14 | 0.76% |
| **کۆی گشتی** | | 1845 | 100.00% |

خشتەی (4) بەکارهێنەری جۆرە جیاوازەکانی ئامرازەکـانی میـدیای نـوێ روون دەکاتـەوە، بـەو پێیـەش بـە پلـەی یەکـەم و بـە رێـژەی (15.18%)ی بەشداربووان، یاخود لیتوێژەرانی راپرسییەکە بەدووبارەبوونەوەی ( 280 ) (ئینستاگرام) بـەکاردەهێنن بـە پلـەی یەکـەم دێت، بەرێژەی (14.42%)ی بەشداربووانیش بەدووبارەبوونەوەی ( 266 ) (ستاپ چات) بە پلەی دووەم بەو پێیەی زۆربـەی سـامپڵی کۆمەڵگاکـە ئـافرەتن، ( فەیسـبوك ) بـە پلـەی سـێهەم دێـت بـەرێژەی (12.57%) بەدووبارەبوونـەوەی ( 232 ) . هاوکـات بـەرێژەی (12.9%)ی بەشداربووان بەدووبارەبوونەوەی ( 223) (ماسنجەر) بە پلەی چـوارەم دێـت، بـە پلـەی پێنجـەم بـەرێژەی (10.35%)ی بەشداربووانیش بەدووبارەبوونەوەی ( 191 ) (یوتیوب) بـەکاردەهێنن ، بـە رێـژەی ( 7.70%) بەدووبارەبوونـەوەی (142) بـە پلـەی شەشەم ( تەلەگرام) دێت، بە پلەی هەشتەم ( وێب سایت) دێت بە رێژەی (7.53%) بەدووبارەبوونـەوەی (139) ، بـەرێژەی (5.96%)

بەدووبارەبوونەوەی ( 110 ) بە پلەی نۆیەم ( واتس ئاپ) و لە پلەی دەیەم ( تیكتۆك) بەرێژەی (5.85%) بەدووبارەبوونەوەی ( 108 ). لە كۆتاییشدا، هەریەك لە ئامرازەكانی (تویتەر) بەرێژەی (4.61%) و بەدووبارەبوونەوەی ( 85 ) و (ویكی) بەرێژەی (1.68%) و بەدووبارەبوونەوەی ( 31 )، (بلۆگ) بەرێژەی (1.30%) و بەدووبارەبوونەوەی ( 24 ) لەدوایشدا بەرێژەی (0.76%)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەكە بەدووبارەبوونەوەی ( 14 ) (پۆدكاست) بەكاردەهێنن.

خشتەی ( 5) تایبەت بە مەبەستەكانی بەكارهێنانی ئامرازە جیاوازەكانی میدیای نوێ

| ز | بۆ چ مەبەستێک ئامرازە جیاوازەكانی میدیای نوێ بەكاردەهێنیت؟ | زیاتر لە وەڵامێک هەڵبژێردراوە؟ | |
|---|---|---|---|
| | | دووبارە بوونە | % |
| 1 | بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری | 317 | 26.82% |
| 2 | كات بەسەربردن | 220 | 18.61% |
| 3 | مەبەستی هۆشیاری و رۆشنبیری | 206 | 17.43% |
| 4 | بۆ پەروەردە و فێركردن | 176 | 14.89% |
| 5 | بۆ دروستكردنی پەیوەندی نوێ | 74 | 6.26% |
| 6 | زانینی سیاسی | 79 | 6.68% |
| 7 | بۆ بازاڕسازی | 85 | 7.19% |
| 8 | بواری دیكە | 25 | 2.12% |
| **كۆی گشتی** | | 1182 | 100.00% |

لە خشتەی (5) دەردەكەوێت بە رێژەی ( 26.82% ) بەشداربووان و لێتوێژەران بەدووبارەبوونەوەی ( 317) بە پلەی یەكەم ئامرازەكانی میدیای نوێ بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری بەكاردەهێنن، بە پلەی دووەم بە رێژەی( 18.61%) بەدووبارەبوونەوەی ( 220 ) بە مەبەستی كات بەسەربردن، بە پلەی سێهەم بەمەبەستی هۆشیاری و رۆشنبیری بە رێژەی ( 17.43%) بەدووبارەبوونەوەی ( 206 ) بەكاردەهێنن، بواری پەروەردە و فێركردن بە پلەی چوارەهەم دێت بە رێژەی (14.89%)بەدووبارەبوونەوەی ( 176 ) ، بۆ بواری بازارسازی بە رێژەی ( 7.19%) بەدووبارەبوونەوەی ( 85) پلەی پێنجەم دێت، بە رێژەی ( 6.68%) بەدووبارەبوونەوەی ( 79 ) بە پلەی شەشەم بۆ زانینی سیاسی بەكاریدەهێنن، رێژەی ( 6.26%) بەدووبارەبوونەوەی ( 74 ) بە پلەی حەوتەم بۆ دروستكردنی پەیوەندی نوێ بەكاریدەهێن، بە پلەی حەوتەمیش بە رێژەی (2.12%) بەدووبارەبوونەوەی ( 25 ) بۆ بواری دیكەی جیاواز بەكاریدەهێنن.

خشتەی (6) دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون بۆ گۆڕوای سەربەخۆ (ئاست و ڕادەی بەکارهێنان و پشت بەستن بە ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ )

| پرسیارەکان | بەتەواوی لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم | | نازانم | | لەگەڵیدام | | بەتەواوی لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| **X1** | 88 | 23.4% | 110 | 29.3% | 76 | 20.2% | 52 | 13.8% | 50 | 13.3% | **2.64** | **1.333** | **52.87%** |
| **X2** | 51 | 13.6% | 105 | 27.9% | 82 | 21.8% | 98 | 26.1% | 40 | 10.6% | **2.92** | **1.227** | **58.46%** |
| **X3** | 48 | 12.8% | 73 | 19.4% | 99 | 26.3% | 116 | 30.9% | 40 | 10.6% | **3.07** | **1.199** | **61.44%** |
| **X4** | 43 | 11.4% | 64 | 17.0% | 83 | 22.1% | 135 | 35.9% | 51 | 13.6% | **3.23** | **1.216** | **64.63%** |
| **X5** | 38 | 10.2% | 58 | 15.5% | 99 | 26.5% | 120 | 32.1% | 59 | 15.8% | **3.28** | **1.200** | **65.56%** |
| **X6** | 21 | 5.6% | 52 | 13.8% | 66 | 17.6% | 90 | 23.9% | 147 | 39.1% | **3.77** | **1.255** | **75.43%** |
| **X7** | 37 | 9.8% | 75 | 19.9% | 95 | 25.3% | 85 | 22.6% | 84 | 22.3% | **3.28** | **1.281** | **65.53%** |
| **X8** | 75 | 19.9% | 101 | 26.9% | 78 | 20.7% | 64 | 17.0% | 58 | 15.4% | **2.81** | **1.350** | **56.22%** |
| **X9** | 17 | 4.5% | 31 | 8.3% | 93 | 24.8% | 115 | 30.7% | 119 | 31.7% | **3.77** | **1.120** | **75.36%** |
| **X10** | 48 | 12.8% | 90 | 24.0% | 102 | 27.2% | 87 | 23.2% | 48 | 12.8% | **2.99** | **1.225** | **59.84%** |
| **X11** | 73 | 19.4% | 102 | 27.1% | 85 | 22.6% | 74 | 19.7% | 42 | 11.2% | **2.76** | **1.280** | **55.21%** |
| **X12** | 30 | 8.0% | 74 | 19.7% | 66 | 17.6% | 129 | 34.3% | 77 | 20.5% | **3.40** | **1.235** | **67.93%** |
| **X13** | 28 | 7.4% | 64 | 17.0% | 113 | 30.1% | 104 | 27.7% | 67 | 17.8% | **3.31** | **1.167** | **66.28%** |
| **کۆی گشتی** | | | | | | | | | | | **3.17** | **1.24** | **63.39%** |

بەپێی وەڵامەکانی خشتەی(6)، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی(75.43%)، کە بەپلەی یەکەم دێت پێیانوایە، فۆڕم، یاخود ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان سەربەخۆنین و بەشێکن لە دەسەڵات. ڕێژەی(75.36%)، کە بەپلەی دووەم دێت پێیانوایە، ئامرازەکانی میدیای نوێ پاشکۆی پارتە سیاسییەکانن، پاشان بە (67.93%)، کە بەپلەی سێیەم دێت پێیان وایە، فۆڕم یاخود ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریان کردووە لەسەر خستەڕوو و شیکردنەوە و پێدانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان. کەمترین ڕێژەش لە لێتوێژەران کە ( 52.87% ) پێیانوایە، ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی پیشەیی و بێلایەنانە ڕووماڵی هەواڵ و ڕووداو و بابەتی تایبەت بە پرسە سیاسی و دیموکراسییەکانیان کردووە.

خشتەی (7)دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون بۆ گۆڕاوی پاشکۆ (ئاست و ڕادەی بەکارهێنان و پشت بەستن بە ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ).

| پرسیارەکان | بەتەواوی لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم | | نازانم | | لەگەڵیدام | | بەتەواوی لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| Y1 | 46 | 12.2% | 66 | 17.6% | 114 | 30.3% | 91 | 24.2% | 59 | 15.7% | 3.14 | 1.233 | 62.71% |
| Y2 | 22 | 5.9% | 39 | 10.4% | 73 | 19.4% | 149 | 39.6% | 93 | 24.7% | 3.67 | 1.130 | 71.76% |
| Y3 | 20 | 5.3% | 55 | 14.6% | 82 | 21.8% | 122 | 32.4% | 97 | 25.8% | 3.59 | 1.172 | 68.88% |
| Y4 | 29 | 7.7% | 68 | 18.1% | 82 | 21.8% | 101 | 26.9% | 96 | 25.5% | 3.44 | 1.259 | 60.11% |
| Y5 | 61 | 16.2% | 75 | 19.9% | 91 | 24.2% | 99 | 26.3% | 50 | 13.3% | 3.01 | 1.284 | 68.67% |
| Y6 | 33 | 8.8% | 60 | 16.0% | 70 | 18.6% | 137 | 36.4% | 76 | 20.2% | 3.43 | 1.225 | 65.05% |
| Y7 | 25 | 6.6% | 65 | 17.3% | 126 | 33.5% | 110 | 29.3% | 50 | 13.3% | 3.25 | 1.097 | 63.19% |
| Y8 | 45 | 12.0% | 89 | 23.7% | 72 | 19.1% | 101 | 26.9% | 69 | 18.4% | 3.16 | 1.303 | 66.54% |
| Y9 | 25 | 6.6% | 48 | 12.8% | 143 | 38.0% | 99 | 26.3% | 61 | 16.2% | 3.33 | 1.096 | 64.15% |
| Y10 | 38 | 10.1% | 58 | 15.4% | 114 | 30.3% | 120 | 31.9% | 46 | 12.2% | 3.21 | 1.152 | 56.86% |
| Y11 | 61 | 16.2% | 94 | 25.0% | 101 | 26.9% | 83 | 22.1% | 37 | 9.8% | 2.84 | 1.222 | 60.05% |
| Y12 | 55 | 14.6% | 98 | 26.1% | 73 | 19.4% | 91 | 24.2% | 59 | 15.7% | 3.00 | 1.311 | 62.61% |
| Y13 | 37 | 9.9% | 79 | 21.1% | 97 | 25.9% | 122 | 32.5% | 40 | 10.7% | 3.13 | 1.159 | 68.62% |
| Y14 | 24 | 6.4% | 55 | 14.6% | 105 | 27.9% | 119 | 31.6% | 73 | 19.4% | 3.43 | 1.146 | 64.41% |
| Y15 | 32 | 8.5% | 59 | 15.7% | 129 | 34.3% | 106 | 28.2% | 50 | 13.3% | 3.22 | 1.125 | 69.10% |
| Y16 | 28 | 7.4% | 60 | 16.0% | 89 | 23.7% | 111 | 29.5% | 88 | 23.4% | 3.45 | 1.219 | 67.23% |
| Y17 | 23 | 6.1% | 56 | 14.9% | 117 | 31.1% | 122 | 32.4% | 58 | 15.4% | 3.36 | 1.099 | 56.91% |
| Y18 | 59 | 15.7% | 82 | 21.8% | 128 | 34.0% | 72 | 19.1% | 35 | 9.3% | 2.85 | 1.179 | 65.43% |
| Y19 | 41 | 10.9% | 69 | 18.4% | 94 | 25.0% | 91 | 24.2% | 81 | 21.5% | 3.27 | 1.286 | 65.04% |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.25 | 1.19 | 64.60% |

بەپێی وەڵامەکانی خشتەی(7)، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی(71.76%)، کە بەپلەی یەکەم دێت پێیانوایە، فۆڕم، یاخود ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵیان هەبووە لە ئاڕاستەکردنی پارتە سیاسییەکان. ڕێژەی(69.10%)، کە بەپلەی دووەم دێت پێیانوایە، ئامرازەکانی میدیای نوێ زیاتر بەشداریکردنی دیموکراسی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پاشان بە ڕێژەی (68.88%)، کە بەپلەی سێیەم دێت پێیان وایە، فۆڕم یاخود ئامرازەکانی میدیای نوێ وەك ئامرازێکی سەردەم ڕۆڵیان هەبووە لە بێهیواکردنی هاووڵاتیانی لە سیستەمی دیموکراسی هەرێمی کوردستان. کەمترین ڕێژەش لە لیتوێژەران کە ( 56.86%) پێیانوایە، یەکێك لە ئەرکەکانی فۆڕم، یاخود ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان بریتیبووە لە چاودێریکردنی ئەدای دەسەڵات.

**2. دەرئەنجامەکان**

دوای کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و خستەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی نێو توێژینەوەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین میتۆد و کەرەستەی شیکردنەوە و ئاماری توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە :

* لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکەماندا زۆربەی فۆڕم، یاخود ئامرازەکانی میدیای نوێ کە لەرووی خاوەندارێتییەوە بەشێکی بۆ پارتە سیاسییەکان و بەشێکی کەمی بۆ کەرتی تایبەت و کەسی دەگەڕێتەوە.

* زۆرینەی لیتوێژەران فۆڕمەکانی ئامرازی نوێ ئیناستاگرام و فەیسبوک بەکاردەهێنن ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ئەو ئامرازانە بەکاردەهێنێت و بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئینستاگرام و سناپ چاتیش بەرێژەیەکی بەرچاو لە لایەن لیتوێژەران بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە سامپڵی توێژینەوەکەمان زۆرینەی لە رەگەزی مێینەن، بە تێبینیکردنیش دەردەکەوێ رەگەزی مێینە زۆرینەی ئینستاگرام و سناپ چات وەك ئامرازێکی باوی میدیای نوێ بەکاردەهێنن.

* لە نێو لیتوێژەران زۆرترین ئەپڵیکەیشن چات بەکاربهێنرێت بریتییە لە ماسنجەر بە پلەی یەکەم و تەلەگرام و واتس ئاب بە پلەی دووەم و سێهەم، ئەمەش بەهۆی باوی و ئاسانی ئەو ئەپڵیکەیشن چاتانە و دروستکردنی گروپی جیاواز جیاوازە لە نێو ئەو بەرنامانە، بەمەبەستی گۆڕینەوەی ئاڵوگۆری زانیاری و بەشداری دیموکراسی و سیاسی لە ڕێگەی ئەم گروپانە.

* سەبارەت بە فۆڕمەکانی دیکە وێب سایت پلەی یەکەمی گرتووە، بلۆگ و پودکاست کەمترین بەکارهێنەریان هەیە و بەو پێیەی ئامرازی باونین و بەشێکی کەمیان زانیارییان لەسەر هەیە.

* بەپێی دەرەنجامەکان هەریەك لە (پۆدسکات و بلۆگ) کەمترین بەکارهێنانیان لە نێو لیتوێژەران هەیە، رەنگە ئەمەش پەیوەندی بە کەم بەکارهێنانی ئەو دوو ئامرازە لە لایەن لیتوێژەران و گرانی بەکارهێنانی هەبێت، لە بەرامبەردا ئامرازەکانی دیکە بەکارهێنانیان ئاسانتر و باوترن.

* بەرای لیتوێژەران فۆڕم، یاخود ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییەکی هەمەلایەنیان لەسەر گەشەپێدانی دیموکراسیەت و گۆڕانکاری لەهەرێمی کوردستان هەیە، هەم لەرووی هۆشیاری دیموکراسی و هەم لەرووی هاندانی بەشداریکردنی خەڵك لە پرۆسەی سیاسی و بڕیارداندا.

* بەرای لیتوێژەران فۆڕم، یاخود ئامرازەکانی میدیای نوێ چەند هۆکار بوون بۆ گۆڕانگاری دیموکراسی، لە هەمانکاتدا بوونەتە هۆکارێکی گەورە بۆ ئاڕاستەکردنی پارتە سیاسییەکان و بێهیواکردنی خەڵك لە پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا.

* لە کۆی گشتی شیکردنەوەی داتاکان ئەوە روون دەبێتە پەیوەندییەکی راستەوانە ڕ تەو و دوو سەرە هەریە لە نێوان ئامرازەکانی میدیای نوێ و گۆڕانکاری دیموکراسی؛ واتە لە نێوان گەشە و زیادبوونی فۆڕم و ئامرازەکانی میدیای نوێ جێگیربوونی بنەماکانی دیموکراسیەت و گۆڕانکاری دیموکراسی دێتە کایەوە، ئەوەندەی کۆمەڵگا بەرە و دیموکراتیزەکردن و گۆڕانکاری بەرە و دیموکراسی هەنگاوبنێت، ئەوەندە کەناڵە میدیاییەکان پێشدەکەون بە پێچەوانەکەشی راستە.

* بەپێی شیکردنەوەی داتاکان ( تەمەن و رەگەز و بڕوانامە) نەبۆتە هۆی ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوە سەبارەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوە جیاواز بێت؛ زۆرینەیان هەمان بۆچوونیان سەبارەت بەو بابەتە هەیە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

#### 1. پەرتووکەکان


قادری، قەرەنی. کۆمەڵگە و ئامرازی راگەیاندنی گشتی. دهۆك: چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم 2009.

ئیبراهیم، عبدولخالق "رۆڵی رۆژنامەگەری کوردی لە دروستبوونی بڕیاری سیاسیدا." 23. هەولێر: دەزگای موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، چاپی یەکەم 2009.

بحری، کریم. چەند وێستگەیەك لە نووسینەوەی دەستووری فیدراڵی بۆ عێراق. هەولێر: چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، 2006.

دایمۆند، لاری. شۆڕشی دیموکراسی، وەرگێڕانی: هەڵکەوت عەبدوڵلا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2008.

رەسوڵ، فاتیح. لە پێناو دەسەڵاتدا. هەولێر: چاپخانەی وەزارەت پەروەردە، چاپی یەکەم، 2007.

محمود، هەردەوان محمود. میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی . سلێمانی : خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، 2015.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق. پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی سێهەم.هەولێر: بڵاوکراوەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، 1992.2.


#### 2.چاوپێکەوتن :


جەلال، د. سامان، interview by سەرتیپ وەیسی. چاوپێکەوتن لەبارەی میدیا و دیموکراسی (5,5, 2020).


#### 3.وێبسایتەکان :


کوردستان، پەرلەمانی. "ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان ." ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان . 4 ,26 ,2013.-http://www.kurdistan (parliament.org/default.aspx?page=sitecontents&c=Parliament-History (accessed 9,1, 2021).


### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

#### ١. کتب


أبوشنب، عماد. الحكومه الالكترونيه أداه للديمقراطيه والتنميه المجتمعيه. القاهره: المقدمه العربيه للتنميه الاداريه ،2012.

الختيب، احمد. منهج البحث العلمى. قاهره: مكتبه الانجلو المصريه للنشر والتوزيع، 2009.

الرواس، طه عبد العاطى نجم، انور بن محمد. " العلاقه بين تعرض الشباب العمانى لوسائل الاعلام الجديد و مستوى المعرفه السياسيه." مجله دفاتر السياسيه و القانون عدد 4، 2011: 56.

الشميرى، فهد عبدالرحمان. التربييه الاعلاميه كيف نتعامل مع الاعلام. الرياز:مكتبه الملك فهد الوطنيه، 2010.

الكيلى، عبدالوهاب. موسوعه السياسيه. بيروت: الموئسسه العربيه للدراسات و النشر، 1990.

المزاهره، منال هلال. نظريات الاتصال. عمان: دار المسيره، 2012.

الهاشمى، مجد هاشم.الاعلام المعاصر وتقنياته الحديثه. الاردن: دار المناهج للنشر و التوزيع، 2006.

بخوش، دهنييه لطفى، ساره."الاعلام الجديد والديموفراطيه." مجله الناقه للدراسات السياييه، 2019: 129-130.

بدوى، احمد زكى. معجم مصطلحات الاعلام. بيروت: دار الكتاب اللبنانى، 1994.

حجاب، محمد منير. الموسوعه الاعلاميه. القاهره : دار الفجره للنشر والتوزيع، 2003.

حسين، عقيل. خطوات البحث العلمى من التحديد المشكله الى تفسير النتيجه. بيروت: دار كثير،201 3.

حسين، محمد مصطفى. تقسيم جوده المواقع الاكترونيه. تكريت: مجله تكريت لعلوم الاداريه القتصاديه ، 2010.

داغر، راضى صهيون وابراهيم. مدخل الى الصحافه، 49. بيروت : مؤسسه أ. بدران و شركأوه، 1944.

دهشان، جمال على. " دور تكنلوجيا المعلومات فى دعم التحولات الديمقراطيه." مجله جامعه المنوفيه/ مصر ، 2018: 130.

سعيد عبدالرحمان محمد. الاعلام الجديد و الاعلام القيدم تحديات و والفرص الجمهورى اليمن،34. اليمن 2016.

صادق، عباس مصطفى. الاعلام الجديد ( المفاهيم، الوسائل، والتطبيقات). عمان: دار الشرق، 2008.

عيسانى، رحيمه الطيب. مدخل الاعلام والاتصال الفاهيم الاساسيه والوظائف الجديد فى عصر العولمه الاعلاميه. عمان: عالم المكتبه الحديث للنشر والتوزيع ، 2008.

هادى، سلاح مراد فوزيه. طرائق البحث العلمى-تصميمها-واجراءتها. تكريت: دار الكتاب الحديث،2002.

مضامين، منذر. اساسيات البحث العلمى . الاردن : دار الميسره للنشر والتوزيع ، 2007.

مكاوى، حسن عماد. نظربات الاتصال. عمان : مركز بحوث الراى عام، 2007.

منظور ابن. لسان العرب. بيروت: دار طادر، 2005.


#### ٢. المواقع الالكترونية:


خالد، راضى. almrsal. 7, 23, 2015 .https://www.almrsal.com (accessed 7, 2, 2021).

## دور أدوات الإعلام الجديد في التغيير الديمقراطي في إقليم كردستان
## دراسة وصفية

سەرتیپ وەیسی كەریم        محمد خضر مولود
قسم الإعلام، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق
sartep.kareem@su.edu.krd

**ملخص**

وقد تم توجيه دور الأشكال، أو أدوات الإعلام الجديد، إلى جميع قطاعات الحياة وأجزاءها وجميع الأسئلة والقضايا داخل المجتمع، وخاصة العملية السياسية والديمقراطية. لهذا السبب حاول الباحث في هذا البحث علميا وأكاديميا أن يوضح أن بعض الأدوات الإعلامية الجديدة ركزت على التغيير الديمقراطي وعملية إضفاء الطابع الديمقراطي على المجتمع، وهو الهدف الرئيسي للبحث.
بالإضافة إلى ذلك ، يريد الباحث معرفة الطريقة التي يتم بها استخدام أشكال الإعلام الجديد بين الطلاب حول وسائل الإعلام المتعلقة بالديمقراطية.
تكمن أهمية هذا البحث في أن العلاقة بين الإعلام الجديد بطيئة وسريعة في عملية الديمقراطية،
لأنه ليس من الواضح بعد ما إذا كانت أدوات الإعلام الجديد مدفوعة وكيف لعبت دورا في العملية الديمقراطية.
هذا البحث هو محاولة علمية للوقوف على دور الأدوات، أو الأشكال الإعلامية الجديدة في التغيير الديمقراطي في إقليم كوردستان، من خلال انتخاب عينة من طلبة جامعة صلاح الدين وجيهان بمشاركة (371) مدرسة من الذكور والإناث على شكل عينة عشوائية ومن خلال استمارة الاستفتاء، تم قياسها. يتم وصف نوع البحث واستخدام طريقة المسح. وفي أهم النتائج التي توصل إليها الباحث، تأثرت جميع أشكال الإعلام الجديد بالتغيير الديمقراطي في اتجاه الإعلام، على عكس تلك الموجودة في الإعلام التقليدي والطبقي. كما قدم الباحث في نهاية الدراسة بعض المقترحات والتوصيات.

**كلمات دالة:** الدور ، وسائل الإعلام الجديدة ، التغيير الديمقراطي.

## The role of new media tools in democratic change in the Kurdistan region
## Descriptive study

**Sartep Waysi Kareem**
Department of Media, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
sartep.kareem@su.edu.krd

**Muhammad Qadr Mawlud**
Department of Media, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract**

The role of forms, or new media tools, has been directed at all sectors and parts of life and all questions and issues within the community, especially the political and democratic process. That's why the researcher in this research tried scientifically and academically to explain that some new media tools had an emphasis on democratic change and the process of democraticization of the community, which is the main goal of the research.
In addition, the researcher wants to know the way in which new media forms are used among students about the media related to democracy.
The importance of this research is that the relationship between the new media is slow and rapid in the process of democracy,
Because it is not clear yet whether the new media tools were motivated and how they played a role in the democratic process.
This research is a scientific attempt to find out the role of tools, or new media forms in democratic change in the Kurdistan Region, Through the election of a sample of students from Salahaddin University and the world with the participation of (371) male and female schools in the form of a random sample and through the referendum form, they were measured. The type of research is described and the survey method is used. In the most important results that the researcher has reached, all the forms of the new media have been affected by democratic change in the direction of the media, unlike those in the traditional and class media. At the end of the study, the researcher also presents some suggestions and recommendations.

**Keywords:** Role, new media tools, democratic change.